www.kurdistannet.org
24-2-2007 11:54 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

نۆتینگهام_بەریتانیا

## ڕەنـــگی گـــریـــان ... سەردار راوچی

نــا . . وامەڵـێ . . !!
ئێوارەیەک دێمەوەلات
نەخشێک بۆ عومرێکی نوێ دەچنین
پەنجەرەکانی بچنەوە سەر ئەو بایانەی
سەفەری دوور، هەرگیز بێزاری نەکردوون .
دەرگاکانی بۆنەسیمی ئەو بەیانیە بکرێتەوە
کەبەتەنیشت چرۆکردنداو،
بەبەردەم گەورەبووندا . .
دەڕواتەوە بۆنەمری . . !!

نــا . . قەت وامەڵـێ!!
بەیانییێک هەوری خەونێک، بادەیهێنێ و . .
دەیبارێنێتە سەرلێوی ئەو باخچەیەی،
چاوەڕوانی
ئاوپرژێنی رۆحی بوە . . !!

باپەنجەرەکان کراوەبن . .
بەیانیەک سروەیەک دێت
ئاوازێک بۆگەڕانەوەی خەونەکان
بۆ پێک گەیشتنی پەنجەکان
بۆچرۆکردنی گوڵەکان
رادەژەنـێ . . !

سەرسام مەبە . . گەر چوارساڵەو هەموو رۆژێک
لەگەڵ خۆم دەتهێنم دەتبەم
گەرچوارساڵەو هەموو رۆژێک . .
بەعاتیفەی گوڵی پشکوتوی هەنارێک، بانگت دەکەم
گەر چوارساڵەوهەموو رۆژێک . . هەمووساتێک
بەنیگای نەرمەبارانێک
پێت دەڵێم:زۆر بیرت دەکەم . . !!؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پێم وتی:
* (لێگەڕێ بامەغریب دابێت ئەوکاتەدێم) و نەهاتم
لێم ببورە..
هەورێک لەرێگاتوشم هات
هێندەباری هێندەباری
تادڵمی پڕکرد لەگریان..
ئیدی گریان بەری چاوانی لێڵ کردم..!!
بەفرێک خۆیکرد بەماڵەتەنیایی یەکەمدا
گێڕانەوەو بەسەر هاتی بەفر باهرین تەواو نەبوو
تاقژمی تاڵ تاڵ سپی کرد..!!
پێم وتی:
* (لێەڕێ بامەغریبدابێت ئەوکاتەدێم) و نەهاتم
لێم ببورە
گێژەنێک لەگەڵ خۆی بردم
رێی گەڕانەوەم بزرکرد،
خەونی بایەکی سەرەڕۆ
نەخشەی هەموو رێگاکانی لێ تێکەڵ وپێکەڵ کردم..!!

نا..قەت وانەڵێی..!؟
چوارساڵەو خەمی غوربەت لەدڵمدا سەوز دەبێ
کەچی ئەتۆ، ماڵی تەنیاییم چۆڵ ناکەی
رێگای دوورت..
چنارەبەرزەکانی خەون و
سەرنجی گوڵە مێخەکی دیدارە.
چوار ساڵەو هەموو رۆژێک
لەپەنجەرەی خۆرهەڵاتەوەهەڵدێییت و
لەپەنجەرەی خۆرئاواوە خۆدەکەیتەوە بەماڵ دا
ئەدی..
ئەوەنیە هەموو رۆژێک دەست دەکەیتەوەبەگلەیی:
(دیسانەوە کتێبخانەکەت نارێکە..
قەت رۆژێ سەری گسکێکت نەدالەو خەمەپەرژانەو
تاپڕبەدڵ بڵێم ئۆخەی).
لەماڵەکە رادەمێنیت و پێم دەڵێی:
(ئاخ..ئاخ لەرەنگی ژوورەکان..
رەنگی ژوورەکان دەمکوژێ
نازانم زۆر هەر زۆر زۆرلەگریان دەچێ..!!).
رۆژنامەکان دەکەیتەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەبینی کەنیگایەکم بەدوای تۆدا لەسەفەرە،
سەیری هەواڵەکان دەکەی. . ئیمەیڵەکەم دەکەیتەوە
هەرئەدرێسی تۆی لەسەرە
ئیدی دەرگەی حەزێک بەرووی تۆدادەکرێتەوە
زەردەخەنەیەک دەت گرێ وهێمن هێمن دەبیتەوە
وەک روانینی پەڵەهەورێ لەجەنگەڵێ
یان هەڵمی چایەکی گەرم،
بەدیار خەیاڵی سەفەرێ
ئیدی ئارام دەبیتەوەو. .
سەر دەخەیتەوە سەر سینگم. . .
دادەچۆڕێیتەوەدڵم وخەو دەت گرێ. . !!؟.

نـا. . قەت وامەڵێ. .
ئێوارەیەک دێمەوەلات
نەخشێک بۆ عومرێکی نوێ دەچنین
پەنجەرەکانی بچنەوەسەر ئەوبایانەی
سەفەری دوو، هەرگیز بێزاری نەکردوون.
دەرگاکانی بۆ نەسیمی ئەو بەیانیە بکرێتەوە
کەبەتەنیشت چرۆ کردنداو. .
بەبەردرم گەورەبووندا،
دەڕواتەوە بۆ نەمری. . !!.

* (ناو نیشانی شیعرێکی ترمە)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.